




## تۆقەی قژ لە شێوەی گوڵ

هەر ئێکسسوارێك بەها و جوانییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، تەنانەت هەر جۆرێك لە ئێکسسوارەکان کاریگەریی خۆیان دەردەبڕن، مەرج نییە ئێکسسوار تەنیا لەو شوێنە بێ کە دیمەنی دیار بێت، لە هەندێك لایەندا ئێکسسوارەکان بە مەبەستی بەستن و کاری ئامادەکردن بەکاردەهێنرێن، سەرەڕای ئەوەی جوانیی خۆیان بە قەشەنگی دەنوێنن. هەر جوانی ئێکسسوارەکانە دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانی و ناسکی ئەو شوێنەی کە لێیدادەنرێت.. جۆرەکانی ئێکسسوار هەریەکە بە پێ جۆر و شێوە و جوانی خۆی رازاوە و جوان دەبێ، بەمەش دەتوانین چەندین جۆری مۆدەکانی ئێکسسوارەکان لە شێوەیەکی بچووکدا کۆ بکەینەوە. جوانترین و خنجیلانەترین جۆرەکانی ئێکسسوار، بریتییە لە تۆقەی قژ،، هەروەها کاری بەستن و ڕێکخستنی قژ دەکات، گرنگی تۆقەی قژ، بەپێی جوانیی و شێوەیەکەیەتی، کە لەگەڵ شێوەی بەستنی قژەکە خۆی دەنوێنێ و دیمەنێکی رازاوەش دەبەخشێ، زیاتر جوانتر دەبێ کاتێك تۆقەی سەر لە شێوەی گوڵ یان شێوەیەکی دیاریکراو بێت.




## ڕەنگی سپی شای ڕەنگ بۆ دیواری ماڵ

لە پێشوودا چەندین ڕاو و بۆچوونی جیاواز هەبوون لەسەر دانانی چ ڕەنگێك بۆ دیواری ماڵ، بە تایبەت ئەو دیکۆرانەی کە پێویستیان بە ڕەنگێکی هاوتا یان یەك ڕەنگ هەبووە، ئەمەش بیرۆکەیەکی تەواوی دەویست بە مەبەستی زیاتر جوانکردنی ئەو بەشە دیکۆرەی کە لە ماڵدا هەیە. هەر ڕەنگێك بۆ دیواری ماڵ دەبێ لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا ڕێکبخرێت زیاتریش وەك کەرەستە و کەلوپەل، چونکە لە کاتێکدا

## بیجامە و جلی خەوتن بۆ وەرزێکی نوێ



لەگەڵ گۆڕانی وەرز یان کەش و هەوا، جل و بەرگ و مۆدەکانی پۆشاك گۆڕانیان بەسەر دادێت، لەو چوارچێوەشدا جل و بەرگی خەوتن واتە بیجامەو و جلی ماڵەوە گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ ئەم وەرزەی بەهار و وەرزێکی فێنکە زیاتر جلی تەنك و نەرم بەکار دێت بۆ ماڵەوە، بە شێوەیەك کە بیجامەکە بە نەخش بێت لەگەڵ بلوزێکی سادە یان بە پێچەوانەوە، سەبارەت بە ڕەنگیش ئەوەی لەو وەرزە زیاتر بەکاردێت زیاتر ڕەنگی پەمەیی و سپییە کە لە ڕەنگی گوڵ نزیکە،دەکرێ ڕەنگی شینێکی نزیك لە ئەرخەوانیش بەکار بهێنرێت ئەکەر نەخشی پەمەیی تێدا بێت، بۆ ئەوەی خەوێکی خۆش و ئارام بکەی چونکە زۆر جار ڕەنگ یان ئەستووری جلی خەوتن دەبێتە هۆی بێزاری.



# بازنی گەورە ئیکسسوارێکی جوانتر بۆ دەست

بازن یان هەر شـــتێکیتر لە شـــێوەی بازن وەك ئێکسسوار و جوانکاری بەکاردێت بۆ جوان کردن و رازانەوەی دەســـت ئەوەی جێی سەرنجە لە ئێستادا بازنی گەورە جیا لە بازنی مۆدەکانی دیکە کە لە یەك دەچوون و ســـادەو بچووك بوون ئێســـتا بازنی گەورەی بە نەخش کە هەریەکێکیان جیاوازە لەوانـــی دیکە واتە وەك یەك نین کاتێك لە دەســـت دەکرێن وەك نوێترین ئێکسسواری دەســـت بەکار دێت، بە شێوەیەك کـــە گونجاندنێك هەبێت لە نێوان نەخش و رەنگی بازنەکان لەگەڵ رەنگی ئەو جل و بەرگەی لەبەردەکرێت یان بەشێك لە خانمان بازنەی دەستیان یەك رەنگ دەکەن لەگەڵ رەنگی پشت چاویان واتە رەنگی پشت چاویان وەك رەنگی بازنەکان رەنگ دەکەن بۆ ئەوەی زیاتر بەدەر بکەوێت.



# رەنگی بۆیەی نینۆک لە زستاندا

لەگـــەڵ هاتنی وەرزی زســـتاندا، گرنگییەکی ئەوتۆ بە رەنگی کاڵی جل دەدرێت، چونکە زستان وەرزێکە کە رەنگ تێیدا رەنگدانەوەی نییە، بەمەش دەبێت خانمان روو لە رەنگە کزەکانی جلوبەرگ بکەن، بەڵام بۆ کەرەســـتە و ئێکسسوار و بەشەکانی دیکە کە پێویستی بە رەنگە وەك : بۆیەکردنی نینۆك – رەنگ کردنی قژ- رەنگ کردنی ئێکسسوارەکانی دەســـت و پەنجە، لێرەدا دەبێت ئـــاگاداری مۆدەی رەنگی بۆیەکانـــی نینۆك بین، لە زســـتان و هاویندا رەنگی بۆیە پێچەوانـــەی یەکترن، بەهۆی ئەوەی زســـتان وەرزێکە کە رەنگ دادەمرکێنێت، بەڵام هاوین زیاتر زەقی دەکات، خانمان دەتوانن چارەســـەر بۆ ئەو لایەنە بدۆزنەوە و لەگەڵ وەرزی زســـتاندا رەنگـــە تۆخەکان بەکاربهێنن تاوەکو زیاتر دیار بکەوێت، وەك ئەو چەنـــد رەنگەی لە وێنەکەدا دیارە، ئەمەش تەنیا بۆ بۆیەی نینۆکی پەنجە، تاوەکو بـــە جوانی دیـــار بێت و لە زســـتاندا رەنگ بداتەوە، بەڵام بۆ وەرزی هاویـــن، هـــەر رەنگێك لەسەر نینۆکەکان جێگەی بایەخی خۆی دەبێت و زیاتر دەردەکەوێت.




دیکۆری دیوارەکە ناشیاو دەبێت، کە رەنگەکانی دیکەی کەلوپەلەکان پێچەوانەی ئەو رەنگە بـــن، ئەمەش پێچەوانەی گونجانی دیکۆرەکە دروســـت دەکات، بەڵام ئەگـــەر رەنگێکی تایبەتمـــان هەڵبژارد، ئەو رەنگەی لەگەڵ گشـــت رەنگێك دەگونجێ و دیمەنێکی جوانیشـــی دەبـــێ، لەو کاتەدا کەلوپەلەکان لە هەر جۆرە شـــێوە و رەنگێکی دیکە بـــن، جوانیی خۆیان هەر دیـــار دەبێت، ئەو رەنگەی باســـی دەکەین رەنگی (سپی)یە، چونکە تاکە رەنگە خۆی لەگەڵ گشت رەنگەکان دەگونجێنێت، بە تایبەتیش کاتێك رەنگی سپی ببێتە رەنگی سەرەکیی دیوارەکان، تەنانەت لەدیواری تەنیشـــت و سەرەوەشدا جێگەی بایەخی خۆی دەبێت، بەمەش هەر جۆرە رەنگێکی دیکە لە دیکۆر و کەلوپەل، دەتوانن هاوشـــێوەی جوانی خۆیان لەگەڵ ئەو رەنگە سپیە بەدەر بخەن و دیمەنێکی رازاوەش ببەخشێت.



# ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە







## حەسەن حەیران دەنگێک پڕاوپڕ لە ڕەسەنایەتی




لەگەڵ فۆلکلۆرو کەلەپووری کوردی،حەیران و لاوك و بەستە، هاوتەریبی لێکدانەبڕاوی ئەو بوارەن،

لەبواری حەیران و حەیرانبێژیشـــدا کەس نییە ناوی حەسەن حەیرانی گوێ لێ نەبووبێت و بە حەیرانەکانی ئاشـــنا نەبووبێت، حەسەن حەیران ئەستێرەی درەوشاوەی حەیرانی کوردییە ناوی تەواویی حەسەن قادر ئیبراهیمە لە ساڵێ ١٩٣٧ لە گوندی تەلەخێمی گەورەی سەر بەشارەدێی گوێڕ لە دایك بووە، لە ساڵێ ١٩٧٢ دەبێتە پێشمەرگە هەر لە گەڵ هەڵگرتنی چەکدا، حەیران بەســـەر پێشمەرگەدا دەڵێت و جۆش و خرۆش و هێزیان پێدەبەخشێت، لەگەڵ حەیرانبێژیشـــدا بلوێـــر ژەنییێکی بەتوانا بووە، لەســـاڵی ١٩٧١دا حەیرانی (دەلێ وایێ) ی گوتـــوەو هەر کە لە ئێســـتگەکان دەنگی دەلێ وایێ بهاتبایە خەڵك دەیانزانی پێشـــمەرگە سەرکەوتنێکی تۆمارکردووەو گورزێکی لە دوژمن وەشاندووە.

حەسەن حەیران دەڵێ :

**چەنـــدی گاز دەکـــەم و گازدەکـــەم دەرێـــم : خـــۆزی بـــە خـــۆزی**
**داران دەبـــا ئەمـــن کوریکـــەك بامـــا لـــە کوریکـــی لەیلایـــێ**
**ئەوەل فەســـلی دەرە بواران شـــین بامایە لەســـەر قەراتی پیـــرە هەولێرێ**
**هەموو دانی ســـبەینان دەبا بەرێ خۆم دابایە لە هەردوو دەرکی ســـەرایێ**





دیمەنێکی چەندە جوانە، گەورە و بچووك، پیر و منداڵ، کچ و کوڕ، ســاڵێکە لە چاوەڕوانی ئەو رۆژە خۆشــەن، رۆژێکی تیایدا زۆربەی خەڵك بە جلی کوردی و پۆشاکی جوانەوە خۆیان دەڕازێننەوە، تەنانەت رۆژێك لە پێش ئەو رۆژە، بە هێمای ئاگر کە هێمایەکی سەرکەوتن و مێژوویەکی جوانی کوردە لەو کاتەی کاوەی ئاسنگەر بەسەر گەورە خوێن مژی کورد زوحاك سەرکەوت و بەمەش مژدەی سەرکەوتنی بە مەشخەڵی ئاگر لەسەر شاخ و چیاکاندا بۆ کەسانی دیکە گەیاند، کە چەندین ساڵ لەمەوبەر ئەو هێمایە مانای سەرکەوتن و خۆشی دەدات، ئەو بۆنەیەش لەگەڵ سەرەتای ساڵی کوردی دەردەکەوێ، ئەویش جەژنی (نەورۆز)ە، لەو رۆژەدا دەشت و دۆڵەکان سەوز دەبنەوە و بەرگێکی جوان دەپۆشن، لە گشت شارەکانی کوردستان یادی ئەو رۆژە دەکرێتەوە، هەر لە زاخۆ تاوەکو خانەقین، تەنانەت بە یاد و فیستیڤاڵی جوان و نمایشی رازاوە، سەرتاپای شارەکان دەڕازێنرێنەوە و هەر یەکە لە شارە گەورەکان وەك : هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دهۆك، ئەو یادە بە گرنگییەکی زۆرەوە دەنرخێنن، لەو رۆژەوە سەیران و گەشتەکان دەست پێدەکەن، هەر یەکە لەگەڵ کەس و کار و ناسیاو و خزمانی خۆیەوە، بەرەو دەشت و سەیرانگا و شوێنە گەشتیارەکانی کوردستان رێگە دەگرن، بە چەندین خواردنی خۆش و چەپڵە رێزان ئەو یادە بەرز دەنرخێنن، کەواتە با ئەوساڵیش نەورۆزمان سەرکەوتن بێ بۆ هەمووان و سەربەخۆیی و گەورەیی بۆ کوردستانیش گەشاوەتر بکات.





## کەڵەمستانێ یان کەرەمستانێ

لە کوردەواریدا چەندین یاریی خۆش و جوان هەن، کە شــەوانەی کوردەواری پێوە بەســەر دەبردرا و لە کەش و هەوایەکی خۆشــدا پیاوان و گەنجانی کورد لــە دیوەخان یان لە ماڵێك کۆ دەبوونەوە و یارییان دەکرد، یەکێك لەو یارییە خۆشــانە بریتییە لە کۆرەمســتانێ یان کەرەمستانێ، یارییەکی کۆنی کوردەوارییە و بریتییە لە یارەیەکی بە جۆش و خرۆش. دوو کەس دادەنیشی و دوو گرووپن، بەرامبەر یەکتر یاری دەکەن و جار جار ناو دەنرێن و ناویان دەنێن و جار جار دەبێتە شەڕ و پێکەنین و کە ئەم یارییەی جۆشــی زۆری تێدایە، یارییەکی خۆش و بەجۆشــە و لە دیوەخانی کوردەواری کراوە و ئێستاش ئەو یارییە دەکرێ.

یارییەکە بەم شــێوەیە : (٩) کڵاو دەهینێن و ئەنگوســتیلەی تیایدا لە نــاو یەکێك لەو کڵاوانە دەشــێردرێتەوە، دەبــێ ببینتەوە و یارەکە وەردەگرێتەوە، یەکەم جار دیتیــەوە دەڵێ (چواندنی) واتە دۆزییەوە، (٩) خاڵی بۆ حیساب دەکرێ، بۆ کەسی بەرامبەر بۆی هەیە (٢) کڵاو ئاشکرا بکات، ئەنگوستیلە دەشێردرێتەوە لەناو دەست و پاشان دەخرێتە ناو یەکێك لەو کڵاوانە، ئەگینا یارییەکە نوێ دەبێتەوە، ئەوەی نەزانێ هەر (٩) کڵاوەکە بۆ ئەوەی دیکە دەمێنێتەوە، ئەوەی (١٠٠) خاڵ بگرێ، ئەوجە دەستەگوڕ هەیە ئەویش (٦) کڵاوە ئەوەی (١٠٠) خاڵی هەیە، دەستەگوڵ دادەگرێت و واتە بۆ هەرلایەك (٣) بەســێ کڵاو، ئەگەر لــەو (٣) کڵاوە گرووپی بەرامبەر ببنەوە ئەوە لە (١٠٠) خاڵەکە (٢٥) خاڵ کەمدەکرێتەوە، دیسان دادەنگرنەوە و ئەگەر ئەو زانی کڵاویان نەدۆزیەوە، ئەوکاتە ئەوەی (١٠٠) خاڵەکەی هەیە، یارییەکە دەباتەوە.

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



بەپەلە هەڵسوکەوت مەکە، چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناك پشووێك بدە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




زۆر گرنگی مەدە بە هەندێك گرفت کە خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات، کەسێك پێشنیارێکت بۆ دەکات، پشتگوێی مەخە، باری تەندروستیشت فەرامۆش مەکە.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



بووژانەوەیەکی ئاشکرا لەسیماتدا بەدی دەکرێت، لەبواری سۆزدارییەوە دەرفەتێکی باشت بۆ هەڵدەکەوێت و لەوانەیە لە ئامانجت نزیك ببیتەوە.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانیت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەڕەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربین بەو هەندێك بەخۆتدا بچۆرەوە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢




لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆزو خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەر ڕووت تێدەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



زۆر ئاگاداری خۆت بەو ئەوەندە بە گازاندە مەبە لەهاوڕێکانت و وریای قسەکانیشت بە، ئەگینا لەاونەیە بەهۆی قسەیەك تووشی گرفت ببیت.





# منداڵ ماڵ پـــــاک دەکاتەوە!

داهێنان لە چەندین بواری جیاجیادا، کاری جوان و سەیری لێ دروست دەکرێ و بەمەش دەبێتە یەکێك لەو مۆدە سەیرانەی کە جێی بایەخی گشت لایەکە، وەك دەزانین منداڵی بچووك ئەوەی ناتوانێ بڕوات، هەردەم بە دەست و قاچەکانی دەڕوات، وەك پێیدەڵێن (ڕۆیشتن بە گاگۆڵە)، یان ئەوانەی لەسەر سگ دەخشێن، لەیەکێك لە کۆمپانیا چینیەکان جۆرە جلێکی منداڵانی دروست کردووە، کە ژێرەوەی جلەکە وەك پەڕۆی پاکردنەوە وایە، تاوەکو چەند منداڵە بێ و بچێ، زیاتر ماڵەکە پاکتر دەکاتەوە.



# یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی شارێکی جوانی کوردستانت بۆ دەردەچێت .

ج ە ڵ ە ب هـ ە

**وەڵامی ژمارەی پێشوو : مریەم خان**

# بۆ زاخــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سۆران) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی مێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئامێری گۆڕینی خێرایی لە ئوتۆمبێل)
- پیتی خانەکانی (٥+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (بەشێکی جەستەیە و لەژێر سینگە)
- پیتی خانەکانی (٥+٢+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (کانزایەکی بە نرخە و بۆ هاوسەرگیری بەکاردەهێنرێت)

## درێژترین کچ لە جیهاندا

ساڵانە، دیاری کردنی درێژترین وکورتترین مرۆڤ لە جیهاندا هەڵدەبژێردرێت، وادیارە بۆ ساڵی ٢٠١٢ کچێکی وڵاتی تایلەند دەبێتە خاوەن ئەو نازناوە، کە کچێکی باڵابەرز و ئەسمەرە ناوی (مالی)یە و تەمەنی (١٩) ساڵە، درێژیی باڵای دەگاتە زیاتر لە (٢١٨) سەنتیمەتر، بەمەش پێوانەییەکی نوێی تۆمار کرد لەسەر ئاستی کچان، بۆیە دەبێتە درێژترین کچی ئەوساڵ، ئەوەی جێگەی سەیرە، ئەو کچە دڵی تەنگە بەرامبەر ئەو درێژییەی کە هەیەتی.



## دیوانە شیعر

**ئیسماعیل خورماڵی دەڵێت :**

**چۆن بیر دەچن ئەو ساتانەی**
**لەجێ ژووانا جۆگەی گڕ بووین**
**لە ئارەقا، لەناو ماچا، وەکو هەرێز تەڕ و بڕ بووین**
**تۆ سەرنج بە لە گێژەنی چاوڕوانی بۆ کوێم دەبا**
**لە تۆ زیاتر من کوێم هەیە، دەشێ گوڵم بۆ کوێم ببا.**

## وێنە و بیر کردنەوە

لەگەڵ بشیلە ڕەشەکە (٣) بشیلەی بجووك هەیە بیدۆزەرەوە.



## پەندی ناوداران



**- ماکسیم گۆرکی دەڵێ هەرگیز ڕێگە مەدە بەوەی لە خۆشبەختیەکانت پشت بە تەنها شتێك ببەستیت کە ڕەنگە تۆ لە دەستی بەیت**

## نوکتە



- سێ کورد لە هەندەران دەبن . هەر چۆنێک بێ مەنجەڵە دۆڵمەیەکیان بەدەست کەوتبوو. دەچن لەناو باخچەیەکدا دادەنیشن و دۆڵمە ڕوودەکەن و دەکەونە سەری بەهەردوو دەست دەیخۆن و پیاوێک بەلایاندا ڕەت دەبێ و خێرا مۆبایلەکەی دەکاتەوەو دەڵێت : پۆلیس . پۆلیس . تکایە لەفلانە باخچە سێ کەس دەیانەوێ خۆیان بکوژن.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەبواری سۆزدارییەوە بەرەو ڕووی گلەیی و گازاندەی دۆستەکەت دەبیتەوە، بۆیە پێویستە لەم لایەنەوە چاوێك بە ڕەفتارەکانت بخشێنیتەوە.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەروەکو دوێنێ پێویستە ئاگاداری خۆت بیت و بەقسەی کەسیش هەڵنەخەڵێتیی، لەوانەیە لەم ماوەیەدا خەرجییەکی زۆر بکەیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

باری کۆمەڵایەتیت لەگەشانەوە دەبێت و لەوانەشە بەدیداری دۆستەکەت شاد ببیت، یاخود پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەگەڵدا بکەیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بارودۆخ ئارام دەبێتەوە و هاوکاری بەخت بەسەر هەموو گرفتەکانت زاڵ دەبێت، ڕەنگە گۆڕانکاری چاکیش لە ژیانت ئەنجام بدەیت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بارودۆخت هەروەکو ڕۆژانی پێشوو باش دەبێت و ڕووداوەکان لەبەرژەوەندیی تۆ دەبن، هەروەها پێویستە زیاتر گرنگی بە ئەندامانی خێزانەکەت بدەیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیستی کە کاریگەرییەکی چاکی دەبێت لەسەر ژیانت، لەبواری سۆزدارییەوە پێشوەچوون بەدی دەکرێت لەوانەیە بەناچاری لە پەیمانت پاشگەز ببیتەوە، ئەمەش لەئەنجامی بەرەنگاربوونەوەی کەسانێکە کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەمت.